www.kurdistannet.org
28/02/2003 03:32

# بەیاننامەی ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان سەبارەت بە پێشێلکاریەکانی حکومەتی تورکیا

## جەماوەری خۆراگری کوردستان

**لاوانی ئازادیخواز**

لەکاتێکدا کوردستان و ناوچەکە لەبەردەم ئەگەری گۆڕانکاری گەورەدایەو بەرەی دژیتیرۆر ئەمڕۆ بەیەك دەنگ جەخت لەسەر نەمان وتەفروتونا بوونی تیرۆریزم دەکەنەوەو ئومێدی گەورەی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان و تەواوی گەلانی عێراق بەنەمان و لەریشە هەڵتەکاندنیدیکتاتۆرەکەی بەغدا واخەریکە هێدی هێدی دەبێتە ئەمری واقیع لەسەر دەستی ئۆپۆزسیونی عێراقی و بەهاوکاری زلهێزەکانی دنیا. . ئالەم ساتە وەختە ناسكوهەستیارەدا جارێکی دیکەش هێزەکانی تورکیا بەنیازن پێشێلکاریەکی تر بخەنە سەرپێشڵکاریەکانی دیکەیان و سەروەری خاکی کوردستان پێشلْ بکەن. . ئێمە لەرێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان لەکاتێکدا ئەم هەڵوێستەی کۆماری تورکیا بەتوندی ئیدانە دەکەین. . داواکارین لەتەواوی ئازادیخوازانی کوردستان و عێراق بەهەولْو هیمەتی خۆیان رێگە لەو پێشێلکاریەی تورکیا بگرن، چونکە ئەگەر سالانی ڕابوردوو پرۆسەی ئەو پێشڵکاریانە بەزیانی کەمتر گەڕابێتەوە بۆ کۆمەلانی خەڵکی کوردستان ئەوا پێشڵکاری ئەمجارەیان دەبێتە مایەی ئالۆز ترکردنی بارودۆخەکەو کوردستان وعێراق دەکاتە مەیدانی تەڕاتێنی هێزە ئیقلیمەکان. بەوەش نەك هەرخەونی ئازادیوسەرفرازی گەلانی عێراق لەباردەچێت، بەڵکو بەزیانێکی گەورەش بۆ گەلانی عێراق و ئۆپۆزسیۆنە ڕەسەن ونیشتیمانیەکەی کۆتایی دێت. .

لاوانی خۆشەویست:_

کاروانی ئەمرۆی خەبات و تێکۆشانی ئێمە لەپێناو گەیشتن بەدیموکراتی و فیدرالی لەوساتەوەختی نزیك بوونەوەیدایە لەمەنزڵی یەکجارەکی و هەرەس پێهێنانی دیکتاتۆریەتدا بۆتە ڕاستییەکی ئاشکراو حاشاهەڵنەگر بۆیە هەر هێزو لایەن و ولاتێك لەژێر پەردەی هەر بیانوو هەنجەتێك دا بیەوێت خەون و ئامانجەکانمان بەتالْ بکاتەوە، ئەرکی هەموو لاوێکی نیشتیمان پەروەروکورد پەروەرە لەسەرتاسەری کوردستان و عێراقدا بەگژیاندا بچنەوەو بەتوندی ڕووبەڕوویان بووەستنەوە، جارێکی دیکەش ئێمە لەرێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان داوا لەسەرجەم حزبە سیاسیەکانیکوردستان وعێراق و ئازادیخوازانی دنیا دەکەین ئەم هەڵوێستەیحکومەتی تورکیا مەحکوم بکەن و ئەرکی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بەتایبەتیوعێراق بەگشتی هاتنە مەیدانیانە لەپێناو مەحکوم کردن و ئیدانە کردنی ئەوهەڵوێستەی حکومەتی تورکیا...با پێکەوە هەموو لایەکمان بیێنەمەیدان بەیەك دەنگویەك هەڵوێست ئەوپێشێلکاریانەی حکومەتی تورکیاپرۆتستۆ بکەین، بۆ ئەوەی ئەوفەزایەی کەقەرارە بۆ ئایندەی ئازادیی و ودیموکراتی و فیدرالی برەخسیْ نەبێتە قوربانی ناحەزانی ئازادیی دیموکراتی وفیدرالی....

–سەرکەویْ خەباتی ڕەوای خەڵکی کوردستان لەپێناو دیموکراتی بۆ عێراق و فیدرالی بۆ کوردستان.

**ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان**

**٢٠٠٣/٢/٢٦ سلێمانی**

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نییە ئەم نووسینە لەگەڵ بیروبۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت) ە، بەڵام بەهۆی بڕوابوونمان بەئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە... لەگەڵ ڕێز و خۆسەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوەیی و خەباتکاری ئەم ڕێگایە.

ئەم تێبینی یە لەژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.... ١٥-١-٢٠٠٣